## پشتگیری کردن له مەریوان هەڵه بجەیی ئارمی بەرەی ئازادیخوازنه !

## پێش مەرجی بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی لەگرەوی ئازادی بیروراو ئازادی بەیان و ڕەخنەگرتندایه !

مەریوان هەڵەبجەی یەکێك له ڕۆشنبیرانی ناسراوی کوردستانه که ماوەی چەند مانگیك لەمەوبەر کتێبیکی بەناوی (سێکس، شەرع، ژن له ئیسلام) ەوه بلاّوکردەوه که تیدا تێگەیشتن ولێکدانەوەی خۆی بەیان کردوه سەبارەت به هەندێك مەسەلەی وەك سێکسبازی لەسەرەتاکانی ئاینی ئیسلامدا، سێکسبازی لەدوای دەرکەوتنی ئیسلام، ڕەفتارو پاڵنەره سێکسیەکان له شەریعەتی ئیسلام و ... چەند تەوەرێکی تری لەو چەشنه. بەڵام ئەمه زۆری نەبرد بووه هۆی هێرشکردنێکی زۆر بەرفراوانی ئیسلامیەکان له کوردستان و بەتایبەت یەکێتی زانایانی ئاینی هەلەبجه دژ بەکەسایەتی مەریوان هەلەبجەی وەك خاوەنی ئەو بەرهەمه . ئەوه بوو سەرەتا یەکێتی زانایانی ئاینی هەلەبجه نامەیەکیان بۆ(سەرۆك کۆمارو سەرۆك هەرێم) ناردو داوای لێپرسینەوەو سزادانی مەریوان هەلەبجەیان کرد بەپێ‌ی مادەی 272 یاسای سزادانی بەعس، داواتر دەیان مزگەوتی شاری هەڵەبجەی شەهیدو شارەزور وسلێمانی خوتبەی جومعەیان لەسەر ئەم کتێبه داو فتوای سزادانی مەریوانیان دا ! ئەمه لەکاتیکدابوو کەبەشێکی زۆر له دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزبه ئیسلامی یەکان به تەواوی مانا خرابوونه خزمەت ئامانجەکانی ئەو کەمپەینەی کەدژی مەریوان هەڵەبجەی بەرپا کرابوو. وه ئێسته بەکردەوه ماوەی سێ هەفتەیه مەریوان وخێزانەکەی له کوردستان لەبەردەم مەترسی هەڕەشەو هەڵویستی ئیرهابیانەدا ناچاربوون که بەنهێنی ژیان بەسەربەرن . هەموو ئەمانه له کاتیکدایه که بەداخەوه دەزگاکانی ئاسایش وحزب وحکومەتەکەی یەکیەتی نیشتمانی هیچ جۆره لیپرسینەوەیەکی لەبارەی ژیان وچارەنووسی مەریوان هەلەبجەیەوه لەئەستۆ نەگرتوەو بۆیه ڕۆژبەڕۆژ هێرش وپەلاماردانەکانی ئیسلامیەکان بۆ سەر مەریوان زیاتر لەفراوان بوونەوەدایه !

### ئازادیخوازان , خەڵکی شەرافەتمەندی کوردستان

هەڕەشەو گوڕەشەی ئیسلامیەکان بۆ سەر مەریوان هەڵەبجەیی هێمایەکی گەورەتره بۆ دژایەتی کردنی ئەم لایەنانه دژ بەئازادی بیروڕا دەبرین وئازادی بەیان و ڕەخنه گرتن. ئەم هەنگاوه سەرەتایەکه بۆ لەخوێن هەڵکێشانی بەرەی ئازادیخوازان که ئەمڕۆ تیرۆری شەخسی مەریوان هەڵەبجەی کراوەته ئەڵقەی نمایشکردن بۆ هێرشکردنه سەر ئازادی بیروڕاوڕەخنەگرتن. بۆیه بانگەوازی هەموو حزب و ڕێکخراو کۆڕوکۆمەڵ وکەسانێك دەکەین دژ بەم پیلانانەی لایەنه ئیسلامیەکان ڕاوەستنەوەو لەپێناو داکۆکیکردن له مەریوان هەڵەبجەی، له پێناو داکۆکیکردن له ئازادی بیروڕا دەربرین وئازادی بەیان و ڕەخنەگرتن دەنگ هەڵبڕن تا بەگرێدانەوەی خەباتمان ڕێگه نەدەین لایەنه ئیسلامیەکان کوردستان بکەنه لانکەی پیادەکردنی سیاسەته دژی ئینسانی یەکانیان.
بۆیه ئێمه وەك ئەو کۆمیتەو لایەنانەی خوارەوه ناومان هاتووه له سونگەی بڕوابوون و داکۆکی کردنمان له ئازادی بیروڕادەبرین و ئازادی بەیان و ڕەخنەگرتنەوه ڕایدەگەیەنین که :

1- ئازادی بیروڕادەربرین ئازادی بەیان و رەخنەگرتن بەیەکێك له بنەما سەرەکی یەکانی هەر کۆمەڵگایەکی تەندروست دارو مەدەنی دەزانین و هەر لەمڕوانگەشەوه بەمافی بێ ئەملاولای هەر تاك ورێکخراو لایەنێکی ئەزانین که ممارەسەی ئەم مافه سەرەتاییەی خۆی بکات .

2- هەر لەم ڕوانگەشەوه کەمپەین‌و فەتوای یەکێتی زانایانی ئیسلامی‌و هەڕەشەی تیرۆریستانەی ئیسلامی‌یەکان، هێرشێکی بەرچاوو ڕۆشنه بۆ سەر ئازادی‌و گیانی مەریوان هەڵەبجەیی‌و تەواوی ئازادیخوازان. ئەو کاره به کردەوه هەڵخڕاندنی خەڵکه بۆ تیرۆری مەریوان هەڵەبجەیی‌و هەر دەنگێکی ڕەخنەگر له ئیسلام‌و ئەوەش جیاواز لەوەی که ڕێگرتنه به ئازادی بیروراو ئازدی بەیان و ڕەخنەگرتن ، هەروەها تاوانێکیشەو هەرچی بەشدار بێ لەو کەمپەین‌و فەتوا دانەدا بەشداری هەمان تاوانەو ئەبێ لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

ئێمه بانگەوازی هەموو حزب و ڕێکخراو نیهادو ئۆرگان و لایەن وکەسانێك دەکەین بۆ پشتگیری کردن له مەریوان هەلەبجەی و لەو داخوازیانەی سەرەوه ئیمزای خۆیان بدەن لەم فۆرمەو دەنگی نارەزایەتی دەربرینی خۆیان دژ به هەڕەشەو فتوای ئیسلامی یەکان دژ به مەریوان هەڵەبجەی دەربرن !

- کۆمیتەی ئوسترالیای کەمپیەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال
- کۆمیتەی داکۆکی له ئازادی بیرورادەربرین له نەرویج

- **کۆمیتەی دیفاع لە ئازادی سیاسی و ئازادی رادەربرین لەئەلمانیا**
- **رادیۆ هاوپشتی**
- **کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال دەستەی سەرپەشتیار**

**بژی ئازادی بیرورا دەبرین بژی ئازادی بەیان و ڕەخنە گرتن**

2006 /2/8

**بەم ئیمەیلە نامەی پشگیریەکانی خۆتان بنێرن !**

kampini_mariwanh@yahoo.com

| ناو | پیشە ، ئارەزوو | بەروار | وولات |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |